کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
23-9-2007 16:05بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئایا یەکگرتوو حیزبێکی (مەدەنی) یە وەک ڕێبین پروپاگەندەی بۆ ئەکات ... عامر سابیر

asabir79@hotmail. com

هەرچەندە ڕێبین هەردی ئەڵێت (لە کوێ فکر نەبوو قەڵەمی منیش لەوێ نیە) (١) بەڵام پێدەچێت لە



کاتی نووسینی ئەو دوو وەڵامەی بۆ هادی مەهدی، فکر نە لە نزیک قەڵەمەکەی وە نە لە تەنیشت کیبۆردەکەی بوویێت، ئەمە نەک لەبەر ئەوەی کە بە حیزبێکی کۆنەپەرستی وەک یەکگرتووی ئیسلامی ئەڵێت (حیزبێکی مەدەنین) (٢) ، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە بە زمانێکی هێندە لاواز نووسیوێتی کە تووڕەبوون فکری تۆرانووە لەوناوە و بەسەریا زاڵە.
لە پاداشتی ئەو پیاهەڵدانەی کە کاک ڕێبین، یەکگرتوو بە مەدەنی ناو ئەبات، یەکگرتووی ئیسلامی کارێکی زۆر خراپ ئەکات، ئەگەر وەک ئێستا هەرچی وەسائیلی ئیعلامیان هەیە نەیخەنە خزمەت ڕێبین هەردی و گروپەکەیان (ڕەهەند) .
ئایا ئەگەر حیزبێک مەدەنی بێت، دژی جیاکردنەوەی دینە لە دەوڵەت؟ ئەی ئەوە نییە یەکگرتوو لە سەر زاری ئەمیندارەکەیانەوە (سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین) لە دژی کەمپینی لابردنی مادەی ٧ی دەستوری هەرێمی کوردستان ئەڵێت (شناسی ئاینی گەلەکەمان لە سەرووی هەموو سەروەری و پیرۆزیەکانیەوەیەتی) (٣) ، وە لە بەرانبەر لابردنی ئەو مادەیەدا بە دەستوری هەمیشەیی عێراق، کە تا سەر مۆخ نا مەدەنییە، هەڕەشە ئەکات.
ئایا حیزبێک بەرنامە و ستراتیژی ئەوە بێت، کە بە شەریعەتی ئیسلام کۆمەڵگەی کوردستان بەڕێوەبەرێت، ئەکرێت پێی بووترێت مەدەنی؟
ئایا حیزبێک لە بەرانبەر بڵاوبونەوەی کاریکاتێرەکانی هونەرمەندە (دانیماکی) یەکەدا، لە هەولێر و سلێمانی شمشێر ڕاوەشێنێ، حیزبێکی (مەدەنی) یە؟
ئایا حیزبێک ئاژیتاتۆرەکەی (حاجی کاروان) بە گەنجان بڵێت، سەیرکردنی کلیپ و سەتەلایت، حەرامە و کارێکی زۆر خراپە، ئەکرێت پێی بووترێت مەدەنی؟
ئایا حیزبێک بەهرەمەند بێت لە پشتیوانی کۆنەپەرستانی سعودییەی عەرەبی و ئاخوندەکانی ئێران، ئەکرێت مەدەنی بێت؟
ئایا حیزبێک باوەڕی بە ئازادی جل و بەرگ پۆشین نەبێت، ئەکرێ بە مەدەنی ناوببرێت؟ چونکە ئەوەی ئێستا بە غەزەبی خوا و ئاگری دۆزەخ ژنان ئەترسێنێ، سبەی ڕۆژ ئەگەر دەسەڵاتی بەدەست بێت، بە شمشێر ئەیسەپێنێ.
جیاوازی زۆرە لە نێوان ئەوەی کەسێک باوەڕی بە ئازادی سیاسی هەبێت و تەنانەت دیفاع لە ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی گروپی زۆر ڕەجعی وەک کۆمەڵ و یەکگرتوو بکات، لە گەڵ ئەوەی بە مەدەنی ناویان بهێنێ.
پێدەچێت لە لای کاک ڕێبین، حیزبەکانی ئیسلامی سیاسی ئەگەر کاری وەحشیانەی وەکو ١١ی سێپتەمبەر و خێڵی حەمە ئەنجام نەدەن و بە ئاشکرا دیفاعی لێنەکەن، وە سەرکردەکانیان لە جیاتی ئەوەی بستێک ڕیش درێژ و عەمامە لەسەربن، ئەگەر قات لەبەر بکەن و ڕیشیان قولانجێک بێت، ئیتر ئەبن بە مەدەنی!

2007/9/21

---

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
23-9-2007 16:05بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

١) ئـەم هـەموو دەبەنگیـە چیـە؟ وەڵامێـک بـۆ فـس فـس پاڵـەوانـەکـەی دەرهێنـەری ئاریـا. ڕێبـین هـەردی، کوردستان نێت 2007/7/6.

٢) لە فەیلەسوفی شانۆوە بۆ ڕۆشنبیریی ناو چایخانە، ڕێبین هەردی، کوردستان نێت، 2007/7/11.

٣) مـادەی حـەوتی دەستوری هـەرێمی کوردستـان ئیلتزامێکـی ئـاینی و خواستێکی میللـی و نـەتـەوەییـە. سەڵاحەدین محمد بەهائەدین، کوردستان نێت، 2007/5/23

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.